# نامەیەک لە ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل-ـەوە

**ئا: سەرنووسەر**

دووز: ٢٧-٢٨/٤/(١٩٧٨)

ڕۆژتان باش.. دەستەکانت دەگوشم، بیرت دەکەم نامەکەتم پێگەیشت.. سوپاستان دەکەم.

ئێستە دەزانم بۆچی ئەدیبێکی لای خۆمان کاتێ دەمرێ ئەگەر لەگەڵ ئەدیبێکی وڵاتانی تر بەراوردی بکەین، بەرهەمەکەی لە ڕووی چەندێتییەوە دە یەکی ئەوی تر نابێ، شتەکەش ئاشکرایە نان پەیداکردن و گێرمە و کێشەی ئەم جیهانە جەنجاڵە نایەڵێ وەکو پێویست بیر لە نووسین بکاتەوە.. من لێرەدا مەبەستم خۆمە، هەموو ڕۆژێ تەنها لە ٣ سەعات پتر ناخوێنمەوە، ئەمەیان زۆر ئازارم دەدات، کە تەماشای کتێبە کۆمەڵە (کەڵەکە- ئا) کراوەکانم دەکەم و پیانا ناگەم (پێیان ڕاناگەم-ئا). (لەوەتەی-ئا) لە سلێمانی گەڕاومەتەوە تەنها یەک چیرۆکم نووسیوە و چیرۆکێکی (یەشار کەمال)م وەرگێڕاوە، هەرچەند نازانم چۆنە، چونکە کەس نییە بۆی بخوێنمەوە.

ئەوەی لەم ماوەیەدا زۆر چێژم لێ وەرگرت، چیرۆکێکی درێژی جۆرج ئامادوویە (ئامادۆ-ئا)، کتێبێکی تریشم بەدەستەوەیە خەریکی خوێندنەوەیم دەربارەی «غەسان کەنەفانی»یە، وای لێکردووم کە بۆ جاری سێیەم بەرهەمەکانی ئەو کەڵە ئەدیبە بخوێنمەوە.. چوار مانگە چیرۆکێکی کوردیم نەخوێندۆتەوە.

من وا دەزانم ساڵێکی تر لەو ژمارە چیرۆکنووسانەی ئێستا هەن، تەنها چیرۆکی چەند کەسێک دەخوێنیتەوە.. ئەوەی بەلای منەوە کە ساڵێک، یا دوو، یا سێ ساڵی تر هەر بەردەوام دەبن لە چیرۆکنووسین، حسێن عارف و ڕەئووف بێگەرد، عەبدوڵڵا سەڕاج و حەمە کەریم عارف و کوڕێکی گەنجی تر کە تا ئێستا هیچی بڵاونەبۆتەوە. باسی خۆم ناکەم، چونکی حەز لەو بێ دەنگییە دەکەم کە ئێستا تیایدام.. حەز ناکەم لە کۆڕ و مۆڕا دیاربم، نازانم بۆ نیازیشم نییە لە بەیەک گەیشتنەکەی چیرۆکی کوردیش ئامادە بم.

بیری کاکە شێرکۆ دەکەم، زۆر.. چاوەکانی کاکە ڕەئووف ماچ دەکەم، ئیتر کەسی تر نە ء.. ئەم برادەرە خەڵکی لای خۆمانە و شتی جوانیش دەنووسێ.

**برات ئەحمەد**

**پەراوێز بۆ نامەکە:**

ئەم نامەیە کە لە دووزەوە لەلایەن ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل-ی چیرۆکنووس بەدەستم گەیشتووە، ڕۆژ و مانگەکەی نووسراوە ٢٧-٢٨/٤، بەڵام ساڵەکەی لەبیرکردووە و نەینووسیوە، من بە دڵنیایی بە ساڵی ١٩٧٨ی دەزانم، چونکە ئاماژە بە بەشداری نەکردنی لە (بەیەک گەیشتنەکەی چیرۆکی کوردی) دەکات، کە ئەو (بەیەک گەیشتنە)، بەناوی (دیداری چیرۆکی عێراقی یەکەم- ملتقى القصة العراقية الأول) لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەری ڕەش سازکرا، لەم دیدارەدا ئێوارە دانیشتنێکی تایبەت بە (چیرۆکی کوردی) تێدا بوو، کە لە ئێوارەیەکی

ئەو ڕۆژانەدا بۆ باس و لێکۆڵینەوە و قسەکردن لە بارەی چیرۆکی کوردی تەرخان کرابوو، لێکۆڵینەوەکەش (حسێن عارف) بە زمانی عەرەبی بەناوونیشانی (الواقعية الانتقادية في القصة الكردية) پێشکەشی کرد، کە دواتر ئەو لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ سەرجەم باس و لێکۆڵینەوەکانی دی لە دووتوێی کتێبێکدا لەچاپ دران. چاکم لەبیرە ئەو کۆڕە (محیەددین زەنگەنە) بەڕێوەی دەبرد، پێشەکییەکی خوێندەوە، لەو پێشەکییەدا قسەی لە بارەی قۆناغەکانی چیرۆکی کوردییەوە کرد، بۆ هەر قۆناغێکیش ناوی چیرۆکنووسەکانی قۆناغەکەی دەبرد، لەناو هێنانەکاندا ناوی (مستەفا ساڵح کەریم)ی لەبیرچوو، بۆیە کاک مستەفا ساڵح کەریم زویر بوو، وای زانی بە ئەنقەست ناوی ئەوی نەبردووە، بۆیە هۆڵەکەی بەجێهێشت، بەڵام دواتر (محیەددین زەنگەنە) بۆی ڕوون کردەوە و باسی کرد کە مەسەلەکە لەبیرکردن و بەسەهوداچوونە، نەک فەرامۆشکردنی دەستی ئەنقەست، ئیتر ئاشتی کردەوە. هەر لەو دیدارەدا لەبیرمە سێ چیرۆکنووسی لاوی ئەو سەردەمەی عێراق چیرۆکی خۆیان خوێندەوە کە ئەمانە بوون: (ئەمجەد محەمەد سەعید، ئیلهام عەبدولکەریم، عەبدوڵڵا ئەلصەخی)، (د. عەلی جواد ئەلتاهیر) کە دەرچووی (سۆربۆن) بوو، ڕەخنەگرێکی بەناوبانگ بوو، کە بەشێخی ڕەخنەگران ناوی دەرکردبوو، ڕەخنە و سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە بارەی ئەو چیرۆکانەوە پێشکەش کرد، بەڵام لە کاتی گفتوگۆکردنەکان، ئەو (سەعد بەزاز)ەی ئەمڕۆکە ناوی هەیە و دەزگای میدیایی بەڕێوە دەبات، هەستایە سەرپێ و کەوتە سەرو گوێلاک کوتانەوەی ئەو سێ چیرۆکنووسە لاوە، لەپاڵ ئەوانیشەوە هێرشی کردە سەر تێکڕای چیرۆکنووسانی عێراق و تۆمەتباری کردن بەوەی چیرۆکەکانیان ڕەنگدانەوەی دەستکەوتەکانی (١٧-٣٠)ی تەمموز تێدا بەدی ناکرێ، ئەو هێرش و پەلاماردانە هۆڵەکەی شڵەقاند و چیرۆکنووسەکانی ئیحراج کرد، لە کاتێکدا لە نزیک بوونەوە لە بەعس و نووسین و پێداهەڵدان بە دەستکەوت و سیاسەتەکانی (١٧-٣٠)ی تەمموز درێغیشیان نەکردبوو، بۆ نموونە ئەمجەد محەمەد سەعید کە ڕژێمی بەعس کردبووی بە پاشکۆی ڕۆشنبیری سەفارەتی ئێراق لە ئیسپانیا کۆچیرۆکێکی بەناوی (الثلج الثلج) دەرکردبوو، لەوێدا زۆر هێرشی نارەوای کردبووە سەر کورد و پێشمەرگە.

* ئەو غەمی داهێنان و خوێندنەوەیە لەو ساوە چۆن بووە و چۆنم لەلای (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دیوە، تا ئەمڕۆکەش ئەو گەرموگوڕی و گوڕوتینە وەک خۆی دەبینم، بگرە زیاتر بووە، (هەرچەندە نازانم چەند سوودی لەو خوێندنەوەیە وەرگرتووە؟). ئەو وەک دیارە سووی لەوە دێتەوە کە ڕۆژانە تەنیا دەتوانێ سێ سەعات بخوێنێتەوە، بۆیە فریای هەموو ئەو کتێبانە ناکەوێ بیانخوێنێتەوە کە لەلای کەڵەکە بوون، دەشڵێ ئەوە زۆر ئازارم دەدات.

- لە نامەکەدا غەمی ئەوەیەتی تەنیا یەک دانە چیرۆکی نووسیوە، هەرچەندە پێشی وایە زۆر نووسین لە ئەدەبدا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە (ئەوەی ئەینووسی چییە و چۆنە؟).

- هەست بەنامۆبوونی داهێنان دەکات، چونکە کە دەنووسێ (کەس نییە بۆی بخوێنێتەوە).

- یان دەڵێ چوار مانگە چیرۆکێکی کوردیم نەخوێندووەتەوە، هەرچەندە نەینووسیوە چیرۆکی باشی



مەبەستە، یان چیرۆکی خراپ، یان بە تێکڕای چیرۆکی کوردی دەڵێ، بەڵام وەک دیارە بە ڕوونی ئاماژە بە بوونی تەنگژەی چیرۆکی کوردی دەکات، کە زۆرجار بە دوو قۆڵی لەگەڵیدا باسم کردووە.

– دەڵێ (من وا دەزانم ساڵێکی تر لەو ژمارە چیرۆکنووسانەی ئێستا هەن، تەنها چیرۆکی چەند کەسێک دەخوێنیتەوە)، لێرەدا مەبەستێتی بڵێ لەو ژمارە زۆرەی چیرۆکنووسان، چەند دانەیەکیان لە گۆڕەپانەکەدا دەمێننەوە کە بەردەوام دەبن و لە نووسینی کورتە چیرۆک ناکەون.

– پێشبینی دەکات ئەو چیرۆکنووسانە بمێننەوە: (ساڵێک، یا دوو، یا سێ ساڵیتر هەر بەردەوام دەبن لە چیرۆکنووسین حسێن عارف و ڕەئووف بێگەرد، عەبدوڵڵا سەڕاج و حەمەکەریم عارف و کوڕێکی گەنجی تر کە تا ئێستا هیچی بڵاونەبۆتەوە)، مەبەستیشی لەو کوڕە گەنجە (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)یە، کە ئەوسا زیاتر بە عەرەبی دەینووسی. لێرەدا دەپرسم ئەو پێشبینییەی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) چەند لەجێ خۆی بووە و هاتووەتە دی و تا کوێ بڕی کردووە؟ چونکە وەک ئاگادارین هەندێک لەو ناوانە دواتر ڕوویان کردە ڕۆمان نووسین، هەندێکیان ڕوویان کردە وەرگێڕان و هەر زوو هەریەکەیان بە بیانوویەکەوە لە نووسینی کورتە چیرۆک دوورکەوتنەوە و دابڕان، وا خەریکە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ بە پاساوی جۆراوجۆر چیرۆکی کورت نانووسن، ئەو کوڕە گەنجەش کە ئەو باسی دەکات، نەیتوانی وەک چیرۆکنووسێکی کورد جێگەی خۆی لەناو چیرۆکی کوردیدا بکاتەوە، چونکە ئەو زیاتر وەک ڕەخنەگر و وەرگێڕ خۆی ساغ کردووەتەوە.

–ئەو دەڵێ: (باسی خۆم ناکەم، چونکی حەز لەو بێدەنگییە دەکەم کە ئێستا تیایدام)، نازانم حەز کردن لەو بێدەنگییە، تەنیا ڕووکردنە خوێندنەوەیە و دەست هەڵگرتنە لە نووسین، واتە چووەتە قۆناغی (سبات) لە نووسین، یان لەم قسەیەیدا کە (بێدەنگی) هەڵبژاردووە لە نووسین، مەبەستی ئەوەیە لە بڵاوکردنەوە وەستاوە؟

– تۆ بڵێی لەو دوورەپەرێزییەی هەڵیبژاردووە تووشی نائومێدی نەبووبێ؟ (حەزناکەم لە کۆڕ و مۆڕا دیاربم)، یان دەڵێ: (نازانم بۆ نیازیشم نییە لە بە یەک گەیشتنەکەی چیرۆکی کوردیش ئامادەبم)، یان تۆ بڵێی تووشی نامۆبوونی داهێنان (الاغتراب الابداعي) نەبووبێ؟

– دواجار کە هەڵگری نامەکە هات بۆ لام، من ماوەیەک بوو لە هەولێرەوە خۆم گوێزابووەوە شاری سلێمانی و لە (هەیئەی گشتیی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵی سلێمانی- الهيئة العامة للزراعة والأصلاح الزراعي- فرع السليمانية) بووم، یەکەم جار ئەو لاوەم لەوێ بینی و ناسیم و نامەکەی دایە دەستم، ئەو هەڵگری نامەیە (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) بوو، کە دوای ئەو یەکتر بینینە، بووین بە هاوڕێی نزیکی یەکتر و زوو زوو یەکترمان دەدی، چونکە دواتر بڕیاری دا لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بێ. لە شوێنێکی تردا بە تێروتەسەلی باسی ئەوەتان بۆ دەکەم کە دوای هاتنی (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) و هێنانی نامەکە و ماوەیەک دانیشتنی لەلام، دواتر (زابت ئەمنی) دائیرە کە ئەوسا هەر دائیرەیەک زابت ئەمنێکی هەبوو، ناردی بەشوێنمدا و بەگیری هێنام و تەحقیقی لەگەڵ کردم، ئەو ڕۆژە کۆمەڵێ پرسیاری زۆر بێ سەروبەری لێ کردم کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەرودڵی گرتم.